دروستکردنی چوار بەنداوی نوێی ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان راگەیەنرا

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بە دروستکردنی چوار بەنداوی ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان رەکەوتنیان کردووە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، 25-01-2024، بەگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوە کرد، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بە دروستکردنی چوار بەنداوی ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان رەکەوتنیان کردووە و، ئێمساڵ دەست بە دروستکردنییان دەکرێت.

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە درێژەی قسەکانیدا راشیگەیاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرباری قەیرانەکان هەشت بەنداوی مامناوەندی دروستکردووە، بەردەوامیش دەبن لە گلدانەوەی ئاو لە ڕێگەی دروستکردنی پێندەوە.